# ساڵەح موتڵەگ....بەعسیەکی بەعسیە

**هۆشیاری عەبدولعەزیز**
hoshyarebdelaziz@yahoo.com

لەلۆژیکی بەعسدا شەڕ و کوشتار.کاولکاری شێواندنی ڕەوشی کۆمەڵایەتی حاڵەتێکی نائاسایی نەبووە و بگرە بەردەوام و لەسەرەتای دروست بوونیەوە وەك ستراکتۆری فیکری و سیاسی خۆی کاری لەسەر کردووە ،چونکە هەر لەسەرەتای پێڕەوکە بوونی بەعسەوە پێی وابووە دەبێ مەسەلە هەستیار و گرنگەکان گەر بەشێوەیەکی بابەتیانە بەردەست نەکەون ئەوا بەزەبری ئەو لۆژیکەی سەرەوە کۆنترۆڵ و دیسپلین بکرێت.واتا لەبونیەی جەستەی فیکری و سیاسی بەعسدا شەڕ و کوشتار کردەیەکی پیرۆزەو دەکرێ بەردەوام کاری لەسەر بکرێت،کار لەسەر کردنیشی پەیوەستە بە چۆنێتی مامەڵە کردنی ڕۆژانەی ئەو ئایدۆلۆژیایەوە کەسەردەمانێك بووبوە دوژمنی سەرسەختی خەڵك.ئەمە لەپێکهاتەی لێکدانەوەی بەعسدا کارێکی بنەڕەتیەو لەوەتەی دروست بوونیەوە سازشی لەسەر نەکراوە تا ئەو جێگایەی پێی کرابێت،هەنگاو نان لەسەر ئەم ڕیتمە کار کردنە لەلای کەسانی بەعسی بەردەوام مەسەلەیەکی بنەڕەتی بووەو نەبووەتە جێگەی هەڵوێستە لەسەر کردن و ڕامان.

دیارە لەپاش هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی دەسەڵاتداریێتی بەعس لەعێراق ئەم مەسەلەیە لەدید و تێڕوانینی تەواوی بەعسیەکاندا وەکو خۆی ماوەتەوەو هیچ گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە،چونکە ئەوان وەك ئاماژەم پێدا پەروەردەی ئەو دید و تێڕوانینە مەترسیدارەن کە بەعس بەدرێژیی 35 ساڵ کاری لەسەر دەکرد وبوبوە خۆرکە بەسەر جەستەی تاکی عێراقیەوەوبەردەوام ترس وتۆقاندنی چێدەکردو سەدان هەزار حاڵەتی ترسناکی لەجەستەی تاکەکانی عێراقدا جێهێشتوە کە تائێستاکەش کاریگەری خۆی هەیەو بە ئاسانی نەسڕاوەتەوە، کەئەمە ڕووی پەروەردەی بەعس بووبێت ناکرێ ئەندام و کەسە بەعسیەکان هەروا بەئاسانی لەدۆخی نوێی سیاسی عێراقدا گۆڕانکاریان بەسەردا هاتبێت و پاشگەزبوو بێتنەوە لەو ئایدۆلۆژیایەی کە وەك ڤایرۆسی کووشندە هەلگرین. بۆیە گەر کەمێك بابەتیانە لەو مەسەلەیە بروانین ئەوە دەکرێ بڵێین ئەو کەسانەی کە بۆ ماوەیەکی درێژ لەڕیزی ئەو حیزبەدا کاریان کردووە بۆهەمیشە بەعسین وبەشێوەیەکی ناتەندرووست گەشەیان کردوەوبەئاسانی ناگۆڕێن ،چونکە دوای هەموو ئەو گۆڕانکاریانەی کەلە گۆڕەپانی سیاسی عێراقدا هاتۆتە ئاراوە ودۆخێکی نوێ بەرجەستە بوە ئەو بەعسیانەکە پلەو پایەی دەسەڵات دارێتیان وەکو خۆی ماوەتەوەو بگرە لەهەندێ جێگاش زیادیی کردووە لەسەر هەمان ریتم وئیقاعی رابردوو مومارەسەی ژیانی سیاسیان دەکەن ودورن لە سیاقی ئەو گۆرانکاریانەی کە ئاماژەمان بۆکرد. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گوێ پێنەدان وپشت دەست خستنەی کەسێستەمی سیاسی نوێی عێراق وبەتایبەت سەرکردایەتی سیاسی کوردی لە دەمی ئاڵوگۆڕەکاندا گرتیانە بەروپێیان وابوو  هەموو ئەوبەعسیانە پاك بوونەتەوە لەو تاوان و گوناهانەی کەلەسەر دەستی سێستەمی دەسەڵاتداریێتی سیاسی بەعس ئەنجامیان داوە بەرانبەر بە گەلانی عێراق وبەتایبەتی گەلی کورد ، بەلاَم نەیانزانی ئەمە لەبەرانبەر بەعس وکەسەکانی هەنگاوێکی هەڵەیە وئەوان واڕانەهاتوون کە دەستی جەڵەویان بۆشل بکرێت وسنوورێك نەبێت بۆهەڵسوکەوت ومامەڵەی ڕۆژانەیان وبەتایبەت بیرکردنەوەیان لەچۆنێتی درووست کردنەوەی بەعس وئەفکارەکانی. هەرچەندە یاسای ڕیشە کێشکردنی بەعس هێنرایە ناوکایەی سیاسیەوەوبوە مەسەلەیەکی گرنگ بەلاَملە شێوازی مامەڵە پێکردنیدا گرنگایەتی وبایەخی لەدەست داونەتوانرا بەشێوەیەکی

زانستیانەوبابەتیانە مامەڵەی پێبکرێت. ئەمەش وای کردجارێکی ترولەژێرناوێکی ترداو بەسەرۆکایەتی ساڵەح موتڵەك بکەونەخۆ نوێ کردنەوەو خۆ ڕێك خستەنەوەولەخۆڕێك خستەنەوەشیاندپشت بەوبێدەنگی وکەش وهەواسیاسیە لەبارە ببەستن کە هاتۆتەئاراوەوهەرکەس بۆخۆیەتی. بۆیە دوای ئەو ماوە زەمەنیەی کە خۆیان نوێکردەوەو ترسیان نەما ئێستا دەیانەوێ لەڕێگەی فشار و هەڵسوکەوتی نوێی سیاسیانەوە بگەڕێنەوە سەرجێبەجێ کردنی هەمان فیکر و ئایدۆلۆژیا کە بەعس بەدرێژیی تەمەنی پیادەی کردبوو.

دیارە قەیران و تەنگەشە سیاسی و کۆمەلأیەتی و ئابوریەکانی عێراقیش لەئێستادا هێندەی تر ڕێخۆشکەرە بۆخۆڕێك خستنەوەو گەشەدان بەو کارو کردەوانەی کەلە ڕابردوودا وەك پرۆسەیەکی گشت گیر کاریان لەسەر کردووە.

من نازانم بۆ خۆم پێموایە ئەوەی ئەمڕۆ موتڵەك دەیکات هەمان ئەو ڕێچکە فیکریەیە کە بەعس لەناوەڕاستی تەمەنیدا دەستی بۆ دەبرد و بوبووە هەنگاوی کاری ڕۆژانەی.چونکە لەوکاتانەدا بەعس بەشێوەیەکی ئیزدیواجیانە مامەڵەی لەگەڵ دۆخی کۆمەلأیەتیدا دەکرد و بەشێوەیەك لەشێوەکان خۆی کردبووە نوێنەری زۆرینەی کۆمەلگا ولەولاشەوە کوشت وبڕو ترس وتۆقاندن یەکێك بوولە پرۆسە ترسناکەکان ولە پێکهاتەی فیکری سیاسیدا کاری لەسەردەکرد،ئەمڕۆکەش موتڵەك هەمان پرۆسە دووبارە دەکاتەوەو کاری لەسەر دەکات،گەر وانییە ساڵەح موتڵەك کە بەعسیەکی بەعسیە چۆن ڕێگە بەخۆی دەدات بەئاشکرا و بەبەرچاوی پێکهاتە سیاسیەکانی عێراقەوە قسە لەسەر ئەوە بکات کە کەرکوك شارێکی عێراقیەو ناکرێ دەسکاری بکرێت ولە دەستکاریکردنیدا کێشمەکێش وململانیەکان قوڵتردەبنەوەوئەگەری هەلگیرساندنی شەڕی ناوخۆیشی لێدەکرێ،یان لەتەواوی گفتوگۆکانیدا ئاماژە بەوە دەکات کەدەبێ یاسای ڕیشە کێش کردنی بەعس هەڵبوەشێنرێتەوەو جارێکی تر بەسەرۆکایەتی ئەوبەعس بگەڕێتەوە مەیدانی کاری‌سیاسی. ئەمەش دوو نمونەی بچوکن لەدید و تێڕوانینەکانی ئەو بەعسیەو کەچی بەپێچەوانەی ئەمەشەوە سەرکردایەتی سیاسی کورد و کان تۆنەکانی ناو پێکهاتەی سیستەمی سیاسی عێراق خۆیان لەئاست ئەو هەڕەشانەی موتڵەگ بێدەنگ کردووەو گوێ بەقسەو دید و تێڕوانینەکانی نادەن ودیسان خستویانەتە پەراوێزی بیرکردنوەیانەوە.بۆیە پێموایە لەمەشیاندا وبەتایبەت لەئێستادا ئاراستەی کارکردنی ئەو لەسەر ئەو ڕیتمە مەترسیدارە گەورە دەکات و لەدواڕۆژدا دەبێتە لەمپەر لەسەر ڕێی پرۆسەی چارەسەر کردنی پرسی کەرکوك و ناوچە سنوریەکانی تری کوردستان کە تا ئێستا یەکلای نەبۆتەوە لەگەڵ سنوری جوگرافی عێراق.هاوکات دەبێتە مەترسیش لەبەردەم پرۆسەی بەدیموکراتیزە کردنی کۆمەلگای عێراقیدا و دەرەنجام کێشمەکێش و ململانێکان لەسەر مەسەلە هەستیار و گرنگەکانی وەك فیدراڵی و ئالأی عێراق و زۆری تریش دەکاتە مەسەلەیەکی قورس و چارەسەر کردنی گرانتر دەکات، کە ئەوکات قسە کردن لەسەر زیندوو بوونەوەی بەعس دەکاتە دیفاکتۆو دەبێ پێکهاتە سیاسیەکانی عێراق ملکەچی دید و تێڕوانینەکانی بن وبۆچارەسەرکردنیشی ڕێ وشوێنی مەترسی داربگرنە بەر کە دەشێ ئەوکات تێید بزاوتی سیاسی کورد وهەوڵەکانی بۆ مەسەلە چارە نووسسازەکان تووشی شکست وهەڵوەشاندنەوە بن ونەتووانرێ بەئاسانی جەڵەوی ڕەوتی جموجووڵەکان بەدەست خرێ وهەوڵوتێکۆشانی گەلەکەمان بۆبەدەست هێنانی مافەکانی جارێکی تر تووشی نەزۆکی وشکست بکات ..